**ئەسماء وافعالی١٠**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

(وَالْعَصْرِ*ىِّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ* إلا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) (العصر).

لە دەرسەكی تازە لە دەرسەكانی اسماءالله وأفعالە لە خزمەتتان بەردەوام دەبین، لۆوەی بە صەحیحترین ئوسلوب، وە سەهلترین طەریقە، مەعریفەی حەقمان بە ذاتی باری تەعالا دروست ببی، كە ئەقدەسی علومە پێغەمبەرەكان (علیهم الصلاة والسلام)، لە بۆ ئەو هەدەفەی نێردراینە ناو ئوممەتەكانیان، لۆوەی خودا (جل جلالە)، كو خۆی (جل جلالە) خۆی دەناسی، وە خۆشی بەو نەوعەی بە پێغەمبەرەكانی ناساندییە، بەو نەوعەش جموعی بەشەر، بەشەرەكان هەموویان لەو مستەوایەی خوای بناسن، ئەگەر هاتوو خوایان بەو نەوعەی ناسی كە خوا خۆی دەیەوێ، ئەو وەختی دەتانن عیبادەتی خوای بكەن بەو نەوعەی كە خوا دەیەوێ، ئەو وەختی عیبادەتەكانیان قبولە، وە حەقی ئەوەیان هەیە ئیددعای جەننەتی بكەن، باری تەعالاش موقابیلی وەی جەننەتیان پێ ببەخشی.

ئەمما ئەگەر هاتوو لە ناسینی خوای وەكو خوا (جل جلالە)، خۆی دەیەوێ، بەو نەوعەی خوای نەناسی ئینسان، وە نەیتانی لە مەقصودی پێغەمبەرەكان بگا، ئەو وەختی ئەگەر هاتوو عیبادەتیشی كرد عیبادەتەكەی لێ قبول ناكرێ، موقابلی ئائەو سوء فەهمە، لە ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا، كە پێی نەكرا بە تەواوی وفقی ئیرادەی خوای تەحویلی كا لە بۆ واقیع، موحتەمەلە تووشی حیساب و كیتاب، یاخود تووشی جەهەننەمیش بی.

لۆیێ پێغەمبەرەكان بالإجماع هەموویان تێكڕایی لە بۆ ئەو هەدەفەی هاتن، لە نزیكەی سێزدە لیقاء لە خزمەت ئەو برا نازدارانە، باسی ئەسماء و ئەفعالی خوامان كرد، بەحسی حەفت قاعیدەمان كرد، حەفت قاعیدەكان عایدن بە ذاتی رب العالمین، ئەمما مەجموعە شتێشمان دانا، پێنج شەش نوقطە بوو، كە ئەویش مەربوط بوو بەو ذەواتانەی، كە دەیانەوێ خوا بە حەقیقەت بناسن، ئەوانیش تیكراری سەریع گوتمان: باری تەعالا ئەوەی نارد (مەبەستی قورئانە كە لەدەستی) لە بۆ ذاتی پێغەمبەر ((صلی الله علیە وسلم))، كە ناوی قورئانە، هەموومان لە خزمەتی بووینە، أبوبكر و صوهەیب، و خەدیجە و جموعی صەحابە بەوەی بوونە موئمین، بەوەی خوایان ناسی.

ئیذەن ئەمەش كە بمانەوێ خوا بناسین، بەعەینی طەریقە، دەبی بچینە خزمەت قورئان، لەڕێی قورئانەوە خوا بناسین، وە ناسینی خواش كە پێویستە ئەمە بیناسین، لۆوەی بتانین عیبادەتی بكەین، عیبادەتەكەش مەقبول بی و بچینە جەننەت.

قورئان بەو نەوعەی نەهاتە خوارێ، لەلای هەمووتان مەعلومە باری تەعالا قورئانی بە تەرتیب سورەت سورەت هینا خوارێ، یەکەمین عیلاقە لە بەینی پێغەمبەر محمد (صلی الله علیه وسلم)، لەگەر ذاتی رب العالمین دروست بوو بە سورەتی عەلەق، لە سورەتی عەلەقەوە پێغەمبەر خوای ناسی، ئەوجە ئیمانی بە خوای هینا، هەر ئەو سورەتەشی نەقل کرد لە بۆ جوملەی صەحابەی کیرامی دەوروبەری، ئەوانیش بەو طەریقەیەی خوایان ناسی، بەو طریقەیەش عیبادەتی خوایان کرد.

ئیذەن هەموومان موتتەفقین أ- یەکەمین جار کە ئیمان یاخود معرفة الله دروست دەبی ئەصلەن لە رێی قورئانەوەیە، ب- بەتەرتیبی نزولی قورئانەوەیە، لۆیێ هەر قورئانیش دەتانی موعالەجەی مەعریفەی خوای بکا، بەوەندە کەمییەتەی کە خوا خۆی لە سورەتی علق پاشان قەلەم پاشان مزمل، مدثر، بەو تەرتیبەی، لۆوەی بتانی باری تەعالا، حیفاظەت لە سەر چەندی چەندایەتی کەمییە یاخود نەوعیە، وە حەجمی ئەو ئەسماء و ئەفعالانە بکا، کە فیعلەن ئەمەی بەشەر وەکو أبوبکر و عمر و عثمان موحتاجینە، ئا ئەوەندەش بماندرێتێ.

زۆرجار ئەوە تیکرارمان کردتەوە، بەعزە ئیسمی خوای (جل جلالە) لە قورئان جارەك هاتییە، بەعزە ئیسمی تکەش هەزار جار هاتییە، دیارە ئەو جیهازەی داخیل کە باری تەعالا ئەو ئینسانەی پێ خلق کردییە، یەك جار ئیحتیاجی بەو ئیسمە یان فیعلە هەیە، ئەمما نەفسی جیهاز هەزار جار ئیحتیاجی بە ئەو ئیسمەی هەیە، کە باری تەعالا لە ذاتی قورئان هەزار جار تیکراری کردیە.

میثالیشمان هینا لە سەر وەی گوتمان: کە هەر شەخصەکی نەخۆش دەچتە لای دکتۆر، دکتۆر کە دەرمانی لۆ تەشخیص دەکا، لە بۆی دادەنێ دوو شتی پێ دەلێ: یەکەمین، ئەتوو ئەوەندە دەرمانەی دەخۆی بەوەندە کەمییەی، مەثەلەن بلێین: دەرمانەکە حەب بی چار جەمانیش بخورێ، دەلێ لە ظەرفی لە بەینی شەش سەعاتان قلە حەبەکی دەخۆی، دووشتی لە بۆ تەحدید دەکا: یەکەمین زەمانەکە، کاتەکە، دووەمینیش کەممەکە کەممیەتی حەبەکەی، باری تەعالا لە هەموو دختۆرەکان دختۆرترە، بەو جیهازەی کە داخیلی ئینسانی خەلق کردییە.

لۆیێ باری تەعالا کە دادەنێ ئەوەندە ئیسمە ئەوەندە جارە، یاخود ئەو فیعلە ئەوەندە جارە، خۆی لەو عەدەدی ئەسمائەکان وە لە نەوعی ئەسمائەکان خۆی دەتانی تەحدیدی بکا و ئەو حەقەش درایتە رب العالمین بەس، ئەمما ئەگەر هاتوو غەیر تەدەخولی کرد بە کەیفی خۆی شەخصەك لەولای قیت بۆوە، هەستا گۆتی: ئەمن دەتانم ئائەو حالەتەی بینا بکەم لە داخیلی ئینسان، وەبزانم عیلمی لەگەر عیلمی رب العالمین، قودرەتی لەگەر قودرەتی رب العالمین، فەرقی زۆرە، لۆیە جموعی شەباب کە بە حەجم و میقداری مەطلوب لە ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا ناگەن، وفقی ئیرادەی خوای

تێیناگەن، ناتانن عیلاقەك صحیح بەینی خۆیان و بەینی باری تەعالا دروست بکەن، ئەعمالیشمان عیباداتمان باشترین دەلیلە لە بۆ ئا ئەو ڕەکاکەتەی کە ئەمە تێیدداینە.

سێیەمین نوقطە گوتمان: قورئان لیسانی عەرەبە، نەك لوغەی عەڕەب، کە بەحسی داخیلی ئینسان دەکەین دەرێین: باری تەعالا ئینسانی وەك جیهاز ئەوها خەلق کردییە، دەزانی ئەو جیهازەش کو تەعامولی لەگەر بکرێ، وەکو هەر صانیعەك هەر صاحێب مەعمەلەك، بتانی شتەك ئینتاج بکا، وەکو ئەو سەعاتە (مامۆستا هێما بۆ کاتژمێر دەکا) موهەندیسەکە صانیعەکە لە هەموو شەخصەك زیاتر دەزانی ئا ئەو جیهازە کو دروست بووە، لەمە زیاتر دەزانی، کابرای موهەندیس یان صاحێب مەعمەلی سەعات ئەو دەتانی بلێ: ئەو سەعاتە لە فلان جێی ئیش دەکا، لەو جێیەی ڕۆژی دەگۆڕێ، پێش و پاش دەکرێ، ئەو حەقی ئەوەی هەیە، ئەمما کابرای قەصاب بێ ببتە وەستای سەعاتی، بە نیەتی چاککردنیش بی سەعاتەکەی تێك دەدا.

لۆیێ باری تەعالا خۆی موهەندیسە لە سەر کەممی وە نەوعی، وە حالەتی دابەزاندنی ئەسماء و ئەفعالی، بەو لیسانەش کە خۆی دەیەوێ، طەبعەن کە بەحسی لیسان دەکەین لیسانەکە خۆی مەعلومات و مەفهومی ئەو قورئانەی، کو ئەو جیهازە مەصنوعە مەعلوماتی ئەو قورئانەش مەفهوماتی هەموو لە ناو داخیلی مە خەلق کرایە، کو ئینسانەك ئائەو کاسیەتەی(مامۆستا هێما بۆکسێتی موسەجەل دەکات) دروست کردبی لە بۆ موحاضەرەك موعەیین، بنەکانیشی بشکێنی، بنەکانی کاسێتەکەی بشکێنی، ئەو وەختی ئائەو موحاضەرەیە، ئەو دەرسە، ئەو مەوزوعە، لە سەر تەسجیل تەسجیلی لە سەر ناکرێ، ناسڕێتەوە، بیلا تەشبیهـ، باری تەعالا جیهازی داخیلی مەی ئەوها دروست کردییە، هیچ کەسەك نەتانی بێ بیگۆڕی، شتەکی لە سەر ئیزافە بکا، شتەکی لێ نەقص کا، وە بەو نەوعەش مەفاهیمەکانی قورئان لە ناو جیهازەکەی خەلق کردییە باری تەعالا.

لۆیێ: قیچەك کەم کردن، قیچەك زیاد کردن، تەحویل کردن، ضەڕەر دەداتە داخیلی ئینسانەکەی، ضەڕەرەکەش کەینێ کەشف دەبی؟ لە نەوعییەتی عیلاقەی بەینی ذات لەگەل رب العالمین، لۆیێ لە ئیفعەل بکە نوێژ بکە چاکە بکە، صەدەقە بدە، لەوانە تەقصیر هەیە، لە نەکردنیش لاتەفعەل، نەزەر مەکە، درۆی مەکە، غیبەت مەکە، خراپە مەکە، دزی مەکە، زیادە هەیە سەبەبەکەی ئەوەیە، خودا (جل جلالە) ئەوها نەناسرایە کە کو پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)وە أبوبكر صدیق خوای ناسییە، کەم کردن و زیادکردن تەئثیری لە عیلاقە کە بووە، عیلاقەکەش بەصەحیحی تەحویل نەکرایتە سەر واقیع.

ئەو هەموو ئەسماء و ئەفعالانە کە ئەمە لە صەدەدینە چەند دەرسە تیکراری دەکەینەوە، لە بۆ مەفهومی عیبادەتە نەك لە بۆ تەثقیفی مێشکە، مێشکی شەبابی صەحوە پێ زیاد ناکەین ئەمە،

مەقصەدمان ئەوەیە لەو دروسانە هەمووی فیعلەن، ئەو ذاتە کە گەیشتە ئەو حەقیقەتەی خوا دەبینی، ئەگەر لە بن بەتانییەی بی خوا هەر دەبینی، لەناو حەمامێ بی خوا هەر دەبینی، لە پێش بابی دانیشتبی خوا هەر دەبینی، گەیشتە ئەو قەناعەتەی خوا دەبینی، بەبێ جیهاز ممارەسەی لە سەر دیتنی خوای کرد لە بۆ خۆی، بەتەصەوڕی خۆم ئەگەر بیەوێ گوناهیش بکا حیسابی دیتنی خوای دەکا، بیەوێ غەدرەك بکا حیساب لە بۆ دیتنی خوای دەکا، کە خوا دەبینی (جل جلاله).

کذلك ئەگەر ممارەسەی کرد لە سەر ئەوەی، خوا گێی لێیە دەبیستی، ممارەسەی کرد لەسەر ئەو حالەتەی، بەحەقیقەت فیعلەن ئەو وەختی وەی لێدێ نەك بەس زمانی ئیننەما خەطەراتی ناو داخیلی قلبیشی، بەسوء الظن، گوناهەکانی داخیل قەلب وەکو کیبر و وەکو حەسادەت و وەکو سوء الظن و وەکو حقد و ئەوانە هەموو گوناهی بە قەلب دەکرێن، لەوانەش خۆی بە دوور دێخی، ئیحساس بەوەی دەکا جیهازی بیستنی باری تەعالا لە ناو قەلبیشیتی، نەوەك جیهازی باری تەعالا لێکبداو لێبداو کەشفی قلبیشی بکا، لەو حالەتەی کە خۆی پێی ناخۆشە باری تەعالا، کە دێ ممارەسە لە سەر ئەو حالەتەی دەکا، فیعلەن نموذەجەکی صالیحی لێ دروست دەبی.

کە ئیحساس بەوەی بکا کە خوا دەبینی وە خوا گێێ لێیە، نەك هەر ئەوەندە، ئیننەما خوا رەززاقیتی، خوا خالقیتی، خوا موهەیمینە لە سەر ئوموری، خوا موشریفە، مودیرە لە سەر مەخلوقەکانی، کە ئەو ئەحاسیسانەی لە بۆ دروست بوو، فیعلەن وفقی ئەو ئیحساسانە دێ عیبادەتی خوای دەکا.

نەك نوێژەکی بکا نوێژەکەی لەکۆڵ بکاتەوە ئەوەی ئەمە پێوەی موبتەلاینە، ئەو حالەتەیە، نوێژێ دەکەین وەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)تەشخیص دەکا، لە دەیا یەکی نوێژەکەی فکرمان لە گەریتی، عیلمەن هەر ئەوەندەش لە بۆمان حیسابە، یان ذکرەك دەکەین، یان دەعوەك دەکەین، یا عیلاقاتەك لەگەڵ موسڵمانەك دروست دەکەین، ئەوە نەمەطی تەعامولمانە، خەلەلەکە چییە؟ خەلەلەکە لەوەی نییە ئایاتمان لەبەر نییە، ئەحادیثان نازانین، زۆرمان گێ لە موحاضەرات نەگرتیە، نەء خەلەلەکە لەصیغەی تەعریفی خوایە (جل جلاله)، عیلاقەمان لەگەر ذاتی رب العالمین عیلاقەك ماددیە، عیلاقەك تەصەوڕی خۆمان دروستمان کردییە لە مێشکمان.

نوقطەی رەئیسی ئەو ئەسماء و ئەفعالانە کە لە موحاضەرە طەرح دەکرێ هەمووی حالەتی ئیمانی خاصی خۆی دەوێ، مەعلومتانە لە موحاضەرەی یەکەم بەحسی (رب) مان کرد، پاشان بەحسی خالقمان کرد، هەتا ذات ئەو شەخصەی کە دەیەوێ خوا بناسی، لە مەفهومی کەلیمەی رب نەگا، رب مەعنای چییە، وە حەتتا ئەو حالەتە لە داخیلی خۆی دروست نەکا، ناتانی مەفهومی کەلیمەی خالیق، کە الله لە ناو داخیلی دروست کا، دەبی ئیمانی بە مەفهومی کەلیمەی رب بێ، ربوبییەت مەعنای چییە؟ پاشان ئەوجا لە خالقییەتی خوای دەگا.

ئیذەن ئیمان هینان بەمەفهومی کەلیمەی رب حالەتەك لە داخیل دروست دەکا، ئیعدادەك زەمینەك دروست دەکا، لۆوەی مەفهومی کەلیمەی خالیق لە سەری بینا بکرێ، ئەوە مەرحەلەی دووەمە، مەفهومی کەلیمەی خالیق، ئەوجە پاشان کەلیماتێتکە، کە خوا عەلیمە، خوا موعەلیمە، یوعلیم،(عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)(العلق ٥)، ئەوە مەرحەلەی سێیەمە، بەو نەوعەی هەتا دەرەجاتی بنەوە.

لە دیوار کردنیش کابرای بەننا هەتا ئەساس لێنەدا ناتانی دیواری لەسەر دانێ، هەتا دیوار دانەنێ ناتانی قاعیدەی پەنجەرەی دانێ، هەتا دیوارەکان نەگەینیتە مستوایەك ناتانی صەبە و سەقفی لە سەر دانێ، و لله المثل الأعلى، نەفسی ئوسلوبی کردیە باری تعالی، هەتا مەفهومی رب لە ناو داخیلی ذات تەواو نەبووبی بە مەعریفە، کەلیمەی الله نایێ.

دووەمین موصطەلەح کە دێ خالیقە(اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١)(اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (العلق ٣) (الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق ٤))، ئەوە سێ یەمین موصطەلەحە، باری تەعالا لێرە فاعیلە فیعلی هەیە، یفعل هەتا لە مەفهومی رب نەگا، لە مەفهومی خالیق نەگا، لە ناو داخیلی خۆشی دروستی نەکا، لە سیفەی عالیمیەتی باری تەعالا تێی ناگا، لەبەر ئەوەی گوتیشمان: داخیلی ئینسان، باری تەعالا ئەو های خەلق کردییە، ئەوها بە ئیش بێخی، لە بۆ ئەو شتەی خەلقی کردییە، کو مەعمەل ئەوەی لە بۆ تەسجیل دروست کردییە، کابرای مەعمەلی سەعات سەعاتی لە بۆ ئیشەکی دروست کردییە، باری تەعالا داخیلی مەش لە بۆ ئەو شتەی خەلق کردییە، (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)(الروم ٣٠)، ئەو داخیلە ناگۆڕێ خەلقە،(ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)، بەوییەوە دینی قەییم دینی حەق دروست دەبی.

لۆیێ بەو تەرتیبەش، بەو نەوعەی کە خودا لە تەرتیبی نزولی سوڕەت داینایە، ئەسماء و ئەفعالي، دەبی بەو تەرتیبەی بکرێ، لەو تەرتیبەی دەرچوون، خەلەل دروست کردنە، لە بۆ جیهازەکەی، ئەو کاسیەتە لە بۆ تەسجیل دروست کرایە، ئەمە بییەین لە بۆ شتەکی تکە بەکاری بینین، لە بۆ ڕادیۆ بەکاری بینین، ئیستفادەی لێ ناکەین، جیهازی ڕادیۆ موکەویناتی خاصی خۆی هەیە، لە ناو داخیلی لە ناوکی دایە، ئەوە لە بۆ جیهازەکیتکە دروست کرایە، ئەمە ئەو وەختی وفقی تەرتیبی قورئان وە دروست کردنی ئیمان لە سەر وەی، کە معرفة الله ی لە سەر دروست دەکرێ، ئەبەو نەوعەی نەبی کأنە داخیلەکە لە بۆ شتەکی تکە دەبەین.

لۆێش ناتانین خوا بە حقیقەت بناسین، لۆێش عیبادەتمان نەقصی هەیە، تەقصیرمان لە عیبادات هەیە، فە ئەو نوقطانە هەمووی ڕەئیسینە، ئەوە چەندەها جارە تیکرارى دەکەمەوە، هەر جارەك لە خزمەتتان بە نەوعەك، لە بۆوەی فیعلەن ئا ئەوە مەقصودە تەثبیت ببی.

دێینه سەر موحاضەرەی حەفتەی پێشترێ: صەراحەتەن ئەوەی لۆم گەڕاوه و ئیحساسمان پێی کرد ماددەکه قیچەك موعەققەد بووە، ئەوڕۆ لەخزمەتتان بە سەهلترین بە ئەمثیلە، ئیعادەی دەکەمەوە، گوتمان: ئەو ئەسمائانه ئەو ئەفعالانە بەو تەرتیبەی دەبی ئەمە لە داخیلمان دروستی کەین، گەیشتبووینه فیعلی غوفران، لە سوڕەتی مزمل لە نیهایەتی سوڕەت، باری تەعالا بەحسی جوملەك عیبادات دەکا، لە ئایەتی نۆزدەوە یەك ئایەتی موتەکامیل مەجموعە مەئموڕات هەیە، ئەگەر تەمەشای بکەین لە ماڵێ، إن شاءالله ئیحساس بەوەی دەکەن، لە ناو داخیلی ئایەتەکەی چ گوناهەك نییە، پێغەمبەر و جوملەی صەحابە کردبیان، دەفەرموێ: (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ)یامحمد(تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ هُوَ خَيْراً وَأَعْظَمَ أَجْراً وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (المزّمّل ٢٠) چی گوناهەك لە گۆڕێ نییە، باشە لۆ بە حسی ئیستغفار دەکا لێرە؟ داعی چییە؟ ئەمە ئەوها تێگەیشتینە، ئەگەر خوانەکا گوناهەکمان کرد ئیستغفار بکەین، عیلمەن قورئان ئەوها نالێ.

ئیذەن دەبی ئەمە لە مەفهومی ئیستیغفار بگەین، کە لە مەفهومی ئیستیغفار گەیشتین، مەعنای مەقصودی ئیستیغفار چییە، ئەو وەختی دەزانین باری تەعالا غەفوڕە، وە لەگەر غەفوڕیش ڕەحیمیشه لە عەینی وەخت، لە حەفتەکانی پێشترێ بەحسمان کرد: کەلیمەی غەفوڕی شەست و نۆ جار باری تەعالا ذیکری کردییە، شەست و نۆ جار کلیمەی غەفوڕی هاتییە لە قورئان، دەبی ئەو مەقصەدە ئەو صیفەیە ئەو فیعلەیە، یان ئەو ئیسمە مەقصەدی چ بی؟ ئائەوە موهیممە ئەمە وەکی قورئان لە مەوزوع بگەین، هەتا بتانین وەکی قورئان تەطبیقی بکەین، کە وەکی قورئان تێ گەیشتین، وەکی قورئان تەطبیقیشمان کرد، ئەو وەختی رب العالمین لێمان قبوڵ دەکا، ئایەتەکی کامل بوو خویندم، ئەو هەموو کلیماتانە یەك ئایەتە، لە نەتیجە دەفەرموێ،(وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)، عیلمەن ئایەتەکە بەحسی گوناهی تێدا نییە، خوا نەکا جەمعی صەحابە زەلەکیان کردبی، گوناهەکیان کردبی، خەطەئەکیان کردبی، نەخێر، هەموو ئایاتی قورئان ئەبەو نەوعەیە لە مەفهومی غوفڕان، کەلیمەی غەفوڕی هاتبی، نەك لە بۆ گوناهکردنە، نەء دەبی شتەکی تکە هەبی ئیذەن.

دەبی بێین ئەمە ئەو شتەی بزانین، ئەوجە باری تەعالا لە بۆمە دەبیتە غەفوڕ، باشە شتەکە چییە؟ یەکەمین مەوزوع لە سوڕەتی موززەمیل کەلیمەی (غَفُورٌ) و (رَّحِيمٌ)ی خوای دێ، باری تەعالا بەحسی عیبادەت دەکا، دەرێ: ئەی موئمینین یا رسول الله یا محمد) (أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ)

پاشان (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)، مەجموعەكیش لەگەر تووو هەردەستن، قیام اللیل دەكەن، طەبعەن قیام اللیل گوتیتمان وەختی خۆی: غەیری شەو نوێژە، شەو نوێژ) (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ ً)(الإسراء ٧٩)، باشە لێرە ئەو جەمعە موبارەكە هەردەستن، قیام اللیل دەكەن،قیام اللیل یان كرد، ئەمما ئایا ئەو قیامە دائیمییە و موستەمیرە، چ خەڵەلی ناكەویتێ؟ با.

رب العالمین دەفەرمی (عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى) موحتەمەلە نەخۆشتان هەبی، نەخۆشتان لە ناو بی،(وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ) مەجموعەیەكی تكە كاسبی دەكەن،) (وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ) مەجموعەكیتكەش شەڕ دەكەن لەڕێی خوا، ئائەوانە دیارە ئەوقیام الیلە كە باری تەعالا داینایە بە فەرز لەسەر پێغەمبەر وە بە سوننەی موئەككدە لە سەر جەمعی صەحابەی كیرام، ئەوان ناتانن وەبكەن، ئیذەن لێرە) (فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ)، گوناهەك نەبووە كرایە، ئیننەما باری تەعالا مەجموعە ئەمرەكی هەیە، ئەمرەكەی ویستیە سەدا سەد بێتە وجود بێتە جێ ئەمرەكەی.

ئەمما لەبەر ئەو سێ نوقتەیەی جوملەی صەحابە پێیان نەكرایە سەدا سەد ئەدای بكەن، ئیذەن لێرە تەقصیرەك هەیە، باری تەعالا ویستیتی بلا تشبیهـ برێین جوملەی صەحابەی كیرام شەش سەعات هەستن، شەش سەعاتی ڕێك، ئەگەر نەخۆش بن هەردەبی هەستن، ئەگەر موقاتیل بن هەر دەبی هەستن، ئەگەر لە بۆ كاسبی چووبنە جێی دوور ماندی ببوون، بەدەنیان ئەزیەتی خواردبوو هەردەبی هەستن، ئەمما ئەگەر هەرنەستان ئەوە تەقصیرە، ئەو تەقصیرە باری تەعالا قبولی ناكا، پێی خۆش نییە، حالەتەك لە داخیلی ئینسانەكەی دروست دەبی، كأنە حالەتەك موعەییەن، ئەثەری سلبی لە سەر داخیلی دەبی، لە ئەثنای تەطبیق نەكردنی ئیرادەی خوای سەدا سەد.

لۆیێ كە ئایەتەكە مووەجەهە لە بۆ ذاتی پێغەمبەر، پێغەمبەر لێی دەرچووە، ئەمما جەمعی موئمینینی تێدایە،(وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)، حەتی ناڕێ موئمینین جاڕێ، چونكی ئیمانیان نەگەیشتە ئەو مستەوایەی باری تەعالا طەمعەی ئیمانی لە بۆ دابنێ، ئیذەن نەتانینی تەحویلی ئەمری خوای بە ئەمر، بە ئیفعەل، بەكردن سەدا سەد ذەنبە، ئەوە مەفهومی قورئانە.

ذەنب مەفهومی چییە؟ ئەوەیە كە باری تەعالا ئەمری كردییە، ئەو عیبادەتە ئەوها بكرێ، بەوەندە زەمانەی بكرێ، بەو كەیفییەش بكرێ، تەقصیر لەوەی نەكرنی وەی ذەنبە، ئیذەن گوناهكردن ذەنب كردن، كەلیمەی ذەنب عیلاقەی بە كەبیرە نییە، عیلاقەی بە پیاو كوشتن و جەردەیی و بە غدر و خیانەت نییە.

ئەوە جارێ لە مستەوای ئیفعەلە دەبی بكەی، تەقصیر كردن لەوەی ئەوە ذەنب كردنە، ئیذەن كەتەسبیح دەگرین استغفروا الله استغفروا الله دەڵێین، نەك لەوەی كە كردیتمان كەخوا پێی ناخۆش بووە، نەء لەوەی كە دەیكەین تەقصیرمانی تێدا هەیە، لۆیێ سوڕەتی (إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ

وَالْفَتْحُ)(النصر ١) بخينن، (وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)(النصر ٢) (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً) (النصر ٣)، عیلمەن پێغەمبەر(إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ)یە فەتحی مككەیە مككە كرایەوە،) (يَدْخُلُونَ (الناس)(فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً) لۆ نەی فەرمووە البشر؟ لۆ فەرمووی ناس؟ چونكی ناس عەفەوی هاتتە ناو دین، ناس ئائەو خەلكەیە ئەو عاممەیەیە، چەپلە لە بۆ ئەكثەرییە لێ دەدا، ئەوانە ناسن لە قورئان، موئمین نینە ناسن ئەوانە، كە دەفەرمی ناس هاتە ناو دین، ئیذەن جوهود لە گەلیان صەرف نەكرایە، موحتەمەلە ئەو ناسە دیسان هەلبگەرێتەوە.

ناس ئەو مەجموعە خەلكەیە كە لەگەر قووەتە، كە لەگەر ئیعلامە لەگەر عاممەی خەلكە، لەگەل ئەصحابی عقول و فیكر نییە، لەگە ئەو ذاتەی نییە كە فیعلەن تەبەیون بكا لە حەقائیق بە دوی كەوی، ئیذەن لێرە كە ناس دێتە ناو دین، (أَفْوَاجاً) پۆل پۆل، موحتەمەلە پۆل پۆلیش دەرچی، وە فیعلەن پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) وەفاتی كرد بەس مەدینە ما لە سەر ئیمان، لە حجة الوداع سەد و بیست هەزار صەحابی لەگەر پێغەمبەر نوێژی كرد، عیلمەن بەس مەدینە پێنج هەزار نەفەر ما، ئەوانیتكە ئەغلەبی مورتەد بوون، ئەها أبوبكر غەزەواتی مورتەدی صەحابەی نارد لە بۆ وەی فیعلەن لەگەر ئەوانە شەرێ بكەن، لە بەرەوەی مورتەدبووینە، لۆ مورتد بوون؟ چونكی ناس بوون نەگەیشتبوونە مستەوای ئیمان.

ئیذەن لێرە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) كە ئەو حالەتە دروست بووە، جوملەی صەحابەی كیرام نەیانتانییە ئیقامەی حوجە و تەبلیغ و تەبیین بكەن، لەگەر ئەو ناسانە خەلەلەك هەیە، خەلەل لە چ هەیە؟ لە ئەثنای تەبەیین و تەبلیغ، ئەو خەلەلە دەبی ئیسغفار بكرێ،(وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً)، لێرەش لە سورەت یەكەمین سورەت مەفهومی غەفور و رەحیمی تێدا بی، چ گوناهەك نەكرایە، ئیننەما تەقصیرەك هەیە، ئەو تەقصیرە دەبی حەل بكرێ، بە چ؟ بە ئیسغفار كردن.

ئیذەن ئیستغفار كردن تەوبەكردن نییە، تەوبە جودایە و ئیسغفار جودایە، باری تەعالا فیعلەكی تەووابە، فیعلەكیشی غەفورە، فیعلەكیتكەی غەففارە، زۆرجار لەگەل (غَفُورٌ رَّحِيمٌ)، دێ، لەگەل (غَفُورحَلِيمٌ) دێ، پێنج جار (غَفُورٌ حَلِيمٌ)هاتییە، وەكو گوتمان: (غَفُورٌ رَّحِيمٌ)، شێست و نۆ جار

(عَفُوّاً غَفُوراً) سێ جار هاتییە،(عَزِيزٌ غَفُورٌ) دوو جار هاتییە،(غَفُورٌ شَكُورٌ) سێ جار هاتییە،(الْغَفُورُ الْوَدُودُ) یەك جار هاتییە۰(الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ)سێ جار هاتییە،، ئەوە هەریەكە مەقامی خاصی خۆی هەیە، مەفهومی خاصی خۆشی دەدا، ئەوە مەفهومی كەلیمەی ذەنب و ئیستغفارە.

بێین لۆ ئەوهایە ئەو حالەتە؟ كابرا عیبادەت دەكا، عیبادەتی لۆ خوای كردییە، ئەوجە خوا طەلەبی ئیستیغفاری لێ دەكا لە ئەثنای عیبادەت كردن، لۆ ئەوهایە ئەو حالەتە؟ لە جەواب: هەرچی مەوجودە

لە مەصنوعات لە وجود لە سەر کورەی ئەرز هەدەفی هەیە، لە ئەثنای ئیشی ئەو هەدەفەی بەجێ دەینێ، گۆتمان: ئەوە سەعاتە کابرای موهەندیس و صاحێب مەعمەل لە بۆ ئیشەکی خاص دروستی کردییە، ئەویش وەقتمان لە بۆ بژمێری، کاتمان لە بۆ دەژمێری، ئەوە(ماۆستا هێما بۆ کاسێتی تەسجیل دەکا لەدەستی) مەعمەل مەصنەع لە بۆ ئیشەکی خاصی دروستی کردییە، ئەویش فیعلەن صەوت تەسجیل کردنە، بە واسطەی تەسجیل، هەر چ دەلێی.

باری تەعالا ئەو جیهازانەی دروست کردییە، ئەمە جیهازین باری تەعالا ئەمەی دروست کردییە، کو صاحێب مەعمەل لە بۆ یەك هەدەف شتی دروست کردییە، دە ئیشی پێ ناکرێ، باری تەعالا ئەمەی دروست کردییە، وەکو مەعمەل مەصنەع جیهاز دروست دەکا، ئەمەش ئەو ها دروست کراینە، لە بۆ یەك شت، ئەویش چییە؟ عیبادەت بەس، لە بۆ هیچ دروست نەکراینە فەقەط لە بۆ عیبادەت نەبی.

چاکە، باشە کو عیبادەت بکەین؟ حەتمەن دەبی کەتەلۆکمان لە بۆ بنێری، هەر مەعمەلەك کە جیهاز دروست دەکا کەتەلۆکی لەگە دەنێری، ئەو شریتە لە ناو تەسجیلی کەتەلۆکی لەگە هاتییە، ئەوە ئەوها پیس دەبی، ئەوهاش خاوێن دەکرێ، کە ویستت لە ناو تەسجیل دایبنێی بەو نەوعەی دایدەنێی، بە مەقلوبی داینانێی، کە ئەگەر هاتوو خواردی جوویی تەسجیل بەو نەوعەی دەری دینی، ئەوە کەتەلۆکە.

ئەگەر کابرایەکی غەشیم ئەوەی دیت، کەتەلۆکەکەی نەزانی موحتەمەلە بیشکێنی، نەزانی ئەوەچییە، ئەوە و بەینی سەعاتی فەرق نەکا، ئەمما ئەگەر ئەوەشی نەدیتبوو، کەتەلۆکەکەی لەگە دیت، بەبواسطەی کەتەلۆکەکەی دەزانی ئەوەی کو بەئیش دێخی، ئەمە گوتمان: ئەمە جیهازین خودا (جل جلالە) ئەمەی دروست کردییە، لەبۆ بەس عیبادەت کردن، حەتمەن کەتەلۆکیشمان لە بۆ دەنێری، ئەوەش کەتەلۆکەکەیە (بەدەست هێما بۆ قورئان دەکات) کە تەماشای کەتەلۆکەکەی دەکەین، دەرێ: دەبی ئەنگۆ شەو هەستن، هەموو شەوەك هەستن، لۆ؟ چونکی دەرێ ئەمن جیهازەکەم ئەوها دروست کردییە، باری تەعالا، دەبی هەستن، دەبی قیرائە بکەن، تەدەببوڕ بکەن، تەفەککوڕ بکەن، تەذەککوڕ بکەن، ئەوە هەمووی مصطەلەحاتی قورئانییە.

باشە ئەگە برێین یا ربي لۆ هەستین پێمان ناکرێ، دەرێ باشە ئەدی ئەوانەی جەماعەتی باڕات، جەماعەتی قومار، شەیتانەکان هەتا سەعات چار، هەتا پێنجی شەوێ دانانیشن؟ سبەینێ لۆ ئەتو وەکی ئەوەی دەکەوی کأنە مردی، قومارەکە موهیم ترە یاخود عیبادەت کردنەکە، عیلمەن ئەتوو لە ئەثنای قومار کردنەکەی جیهازەکە لە بۆ شتێتکە بەکاردینی، ئەوەی لە مەلها ئەوەی ئەتباعی شەیطانە،) (بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ)(سبأ٣٣) بە لەیل مەکری شەیاطین بە شەو دەکرێ، خەریطە و تەخطیط دانان بە

شەو دەكرێ، لۆ هەتا سەعات چار و پێنجی شەوێ دادەنیشی، ئیذەن دیارە فیعلەن باری تەعالا ئەو جیهازەی ئەوها دروست کردییە، بتانی ئەوەندە دابنیشی.

لۆیێ کابرای صاحێب مێزی قومار، و صاحێب مەزە، و عارەق، پێی دەکرێ دانیشی، لە بۆ فلیم دادەنیشی هەتا سەعات سێی شەوێ، شەوانی ئەعیاد ی میلاد، و ئەوانە، داندرایە دادەنیشی، چ ئەزیەتیشی نییە، باوەشکیشی نایێ، دیارە فیعلەن جیهازەکە پێی دەکرێ هەتا سەعات چاریش دانیشی، ئەمما لێرە لە بەر ئەوەی لە بۆ خوایە، ئەو لە بۆ شەیطانە، لێرە عوذران دەینی: واللە مەشغولم،: واللە پێم ناکرێ،: واللە نازانم ماندیمە،: واللە وەزیفەم هەیە،: واللە فولانم هەیە،: واللە نەخۆشم، الی أخرە.

ئەمما لەوێ عوذران نایني هەتا سەعات سێی شەوێ بەرامبەر تەلەفیزیۆن، ڤیدیۆی لۆ پێبکە باکی نییە، تەققەی سەری دێ، لۆ دامە لێدان و لۆ کۆنکان و نازانم لۆچ گێی لێ نییە، ئەمما کە پێی دەرێی: رب العالمین فەرمووی: قیام اللیل بکە، بە شەو هەستە تەفەککوڕ بکە، لە مەخلوقاتی خوای ئەو وەختی پێی عەجیبە، پێی زەحمەتە، عیلمەن باری تەعالا، ئەویش دەرێ خۆی دەرێ: فیعلەن ئەمن قابیلیەتم هەیە دانیشم هەتا سبەینێ، ئیذەن جیهازەکە ئەصلەن لەبۆ ئەو وەقتەی مەحدود دروست کرایە، طاققەی هەیە قیام اللیل بکا، ئەمما ئەگە نەیکرد؟ باری تەعالا بە تەقصیرِی دانایە، کە نەیکرد تەقصیرە ئەوە، ئەو نەکردنە دەبی ئیستغفار بکا.

وەکو جیهازەك داندرابی لە بۆ فلان شت، ئەتوو نەك لە بۆ شتێتکە ئیستعمالی بکەی هەر ئیستعمالی نەکەی، ئیهمالی بکەی، با هەزار شریتت هەبی ئەتوو لە ماڵێ، لۆ قورئان تەسجیل کردن، خوطبەش داینەنێی، هەرفڕێی دەی ئەوها لەو گۆڕەی حەتمەن ڕۆژەك دێ دەمری ئیستهلاك دەبی، ژەنگ دەگری.

ئەو ذاتەش پاشی فلیمی مەسائی لێدەدا دەنووی هەتا سبەینێ، نوێژی سبەینێشی دەڕوا، حەتمەن ئەوە تەقصیرە، بەڵێ بە دامە و بە قومار و بەوانە مەشغول نەبووە، ئەمما بە نووستن مەشغول بووە، باری تەعالا لە بۆ خەو دروستی نەکردییە، لۆ کابرای غەربی ئەدیسۆن ئەو ئەدیسۆنەی ئەو کارەبایەی دروست کردییە، سی و حەفت ساڵی ڕەبەق چار سەعات نووستیە، لۆ لۆ کابرای کافر ئیعتیادی بی؟ لۆ ئەویش بەمن بلێ: نەوەی ئەدیسۆن بەمن بلێ نا ئەگەر هاتوو هەشت سەعات نەنووی نەخۆش دەکەوی، شێت دەبی، خێل دەبی، جنت دێنێ، وەنیە؟ ئیذەن خەلەلەك هەیە، بەس هەرنەستانەکە خەلەل دروست دەکا، بەس هەر نەستانەکە.

ئیذەن لێرە تەقصیرەك هەیە، ئائەو حالە تەقصیرە، ماعەدای ئەوەی جیهازی داخیلی پێ تێکدەدا، دەبی بە شەو شەحن بکرێ، بەو قیامە لەگەر رب العالمین قسەکردنە، ئیجتیماع کردن لەگەل رب العالمین، باری تەعالا مەوعیدی داتە توو، لە سێیەکی شەو دێتە لیقائت، دێتە ئیستیقبالت، باری

تـەعالا دێ! ئـەو دەفـەرمی: لـە ئیسـتیعلامات بـە مـەلائیکـەت دەفـەرمی.(مَـنْ يَسْـتَغْفِرُنِی فَـأَغْفِرَ لَـهُ)رواەالبخـاری، ئایـا کـەس هەیـە فیعلـەن لـەو سـەعاتە دانیشـتبی، بـە ئیستعلاماتی خـۆی دەرێ رب العالمین، ئەوەی ئیستیغفار دەکا بابێت نزیك ببی با لێی قبور کەم، ئیستیغفارەکەی قبول بکـەم،(فَيَقُولُ مَنْ يَدْعُونِی فَأَسْتَجِيبَ لَهُ) رواەالبخاری کەس طەڵەب دەکا، کـەس طـەڵەبم دەکـا، کـەس ئیشـی بەمنـە هەتا جوابی بدەم، باری تەعالا لە عەرش بێتە خوارێ، لـە بـۆ جـەنـاب عالیمـان، جـەنـابی عالیشمان، حاشاکی مـەقام و مـەکان، مـەجموع، وەکـی تـەرەحۆلـەی کەتییـە، پخەپخـەی دێ پاشـی فلیم و پاشـی بەرنامج، پاشی نازانم ئەو.

ئیذەن تەقصیرە تەقصیرەکی نەوعییە، کە فیعلەن ئەو ذاتە، ئیحساسی کـرد تـەقصیری هەیـە، هەسـتا بەرامبەر باری تەعالا موحاسەبەی خۆی کرد کـە خـوا فیعلـەن حـەقی ئـەوەی هەیـە عیبـادەت بکرێ، حەقی ئەوەی هەیە لەگەری موباحەثات بکرێ، حەقی ئـەوەی هەیـە تـەدەببور لـە مـەخلوقـاتی بکـرێ، حەقی ئەوەی هەیە دینی تەفەههوم بکرێ، قورئانی تەدەببور بکرێ، حـەقی ئـەوەی هەیـە، ئـەمما ئـەو حەققە ئەو ذاتە نەیتانی ئەدای بکا، ئیحساس بەو حالەتەی لە داخیل ئەوە ئیستغفار کردنە.

نەك جەنابی تەزبیحی بگری سەد قلی تقە تقەی بێ،(استغفرالله)ی بکا، خۆی لە باوەشی ئافرەتەکەی ببینی، یان تەزبیحی لە دەستە تقە تقەی دەکا، استغفرالله دەرێ ئەمما خۆی لـە مـالی فـولان ببینـی کـو ماڵی دەبری، کو غەدر دەکا، کو سەیارە خەطف دەکا، کو تەعەددا لە عەرزو ناموسی عالەمێ دەکـا، ئائەو ئیستغفار کردنە تەوبەی دەوێ! نەك ئیستغفار، ئەو حالەتە کە هەر دەستی شەو لە داخیلی خۆی ئیحساس بە تەقصیر دەکا، ئیحساس بەوەی دەکا حـەقی خـوای ئـەدا نـەکردییـە، ئـەو حالـەتـە ئیستغفارە ئەگەر بەزمانیش نەیرێ.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رۆژێ حەفتا جار ئەوهای بەسەر دادەهات، ئەوە حـەلـەتـی پێغەمبـەری بوو، ماتەبەقا تەمثیلییە و دبلۆماسییەتە، قورئان ئا ئـەوە مـەفهومی ئیستیفغار طـەرح دەکـا لـە بـۆ مـە، لۆیە ئەگەر هاتوو جوملەی صـەحابـەی کیرام لەبـەر قیتـال لـە بـەر تیجـارەت لـە بـەر نەخۆشـی پێیـان نەکرا هەستن دەبی ئیستغفار بکەن، عیلمەن هەرسێکی مشروعە، هەرسێکی حەلالـە، قیتـال فەرضـە، کاسبی کردن فەرضـە، نەخۆشی حالەتەکە لە دەست ئینسانی نییە تووشی دەبی ئیرادەی لە سەر نییـە، لە گـەر وەش چونکی جیهازەکە ئـەوها دروستکرایە، دەبـی هەسـتی کـە ئـەو هەرنەسـتا تـەقصیرەکی بەرامبەر جیهازەکەی دروست کرد.

کـو وەظیفـەتـەك درابیتـە ئینسـانەکی مەسئولبی لێـی، تەقصـیری کـرد بەرامبـەر ئـەوەی، بەرامبـەر حەقەکی خوای و خۆشی تەقصیری بووە، ئەوە مەفهومی کەلیمەی ئیستغفارە، باشـە رب العـالمین چ دەکـا بالمقابل رب العـالمین نـاوی غـەفورە، رب العـالمین بـە نـاوی غـەفوری تـەماشـای فلیمـی ئـەو

کابرایەی دەکا، ئەو ذاتە ئەوەندە تەقصیرەی هەیە، لەوەندە جێیەی خەتی سۆر لە عیبادەتەکانی هەیە، باشە چ دەکا؟ دێ لە بۆی ستر دەکا، لە بۆی ستر دەکا، ئائەوە مەفهومی کەلیمەی غەفوڕە.

نایێ ئەو تەقصیرەی موباشیر بە دەم وچاوی دابدا، وەکو ئومەمی سابق، لە بۆی ستر دەکا، ئەو ستركردنە چاو پۆشینە، مەرحلەکیتکەی لە پاشی دێ ئەویش ئیعداد کردنە، لە بۆ عەفو، هەتا ئا ئەو تەقصیرە ئیزاحە بکا، باری تەعالا لاییدا بیستڕی، ئائەو سڕینە ناوی عەفوە، یەکەمین جار باری تەعالا دێ ئەو حالەتەی ستر دەکا، ئەوە ناوی مەفهومی کلیمەی غەفوڕە، ستركردن پاشان ئەوجا ئەگەر هاتوو ذاتەکە لە عیلاقەی بەینی خۆی و باری تەعالا متەطەوڕتر بوو برندتر بوو، ئەو وەختی ئیحتمالی عەفو کردنی هەیە، ئائەوەیە ذات لەناو داخیلی خۆی ئیحساس بە ئیستغفار دەکا،باری تەعالا ش بالمقابل غەفوڕە لە بۆی، ئەوە تەقریبەن ئیعادەك موبەسەط بوو لە بۆ دەرسی پێشترێ.

ئەگەر هاتوو بەو طەڕیقەیە أسماء الله و أفعالە لە ناو داخیلی ئەو ذاتە بەو نەوعەی تەعریف کرا، بەو طەڕیقەیە، بەو ئوسلوبە، فیعلەن نەماذیجی موکەڕەڕ لە صوهەیب و لە عبدالرحمن کوڕی عوف لە جعفر الطیار ئیعادە دەبتەوە، با ناویان کاوە و سەفین بی، ئەو نەوعیاتانەش دینیان تەقەببول کرد، تانیان دین هەزم کەن، تانیان ئەمری خوای تەطبیق کەن، تانیان دولة الله، نەك دولة الاسلام، دولة الله لەسەر کورەی ئەرز ئیجاد کەن، هەر ئەو نەوعیاتانەش دەتانن ئەو حالەتە ئیعادە بکەنەوە، ماتەبەقا هەمووی علی الأکثریە ی بلێین نزیك بوونە لە خەت، ئەمما لە ناو خەتبوون نییە، وە هەتا ئەو نەوعیاتانەش ئیعادە نەبتەوە قەناعەتان هەبی هەر ئەوە حاڵە، هەر ئەوە وزعە، ئەو هەموو تیکراریاتانەی، کە تووشمان بووە، وەکی ئەوەی تەزبیحی هەر فەل نابی هەر بیسوڕێنە، هەر دائیرەیە، وە دەسوڕێ وەکی تایەی، هەر بیسوڕێنە و هەر دائیرەیە و دەسوڕێ ئەو حالەش هەر ئەوها تیکرار دەبی و ئیعادە دەبتەوە.

هەتا ئەو ذەواتانە دروست نەبن، لەو ذەواتانە لەو نەوعانە، کە خوایان بەو نەوعەی ناسیە، فیعلەن ئەو وەختی باری تەعالا لێیان ڕادەبینی بیانکاتە بەدیلی رسول، (الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ) (الأحزاب ٣٩) ئائەو وەختی ئەوان قائیم دەبن بە موهیمەی ڕیسالە، لە بۆ ئەوانیش باری تەعالا،(وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ)(الأنبياء ١٠٥) (إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ)(الأنبياء ١٠٦) (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبياء ١٠٧) خودا لە بۆ خاتری گەورەیی خۆی، لە بۆ خاتری جەلالی ئەسماء و ئەفعالی موبارەکی خۆی، هیدایەتمان کامیل کا، ئەسبابی ئەو هیدایەتەمان لە بۆ تەسهیل کا، بەحەقیقەت هەتا

بیناسین هەتا بە حەقیقەتیش بتانین عیبادەتی بکەین، بە حەقیقەتیش ئەو نەماذیجانەمان لێ دروست ببی.

اقول قولی هذا، واستغفرالله لي ولكم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحد لله رب العالمين.

- ئەو موزوعانە کە نەقل دەکرێ، کما هو نەقل بکرێ کو لێرە بەحس دەکرێ، ئەوها نەقل بکرێ.

- دووەمین لە سەر ئەو مەوزوعانە فەتوا دەرنەچی، فەتوا لە سەری دروست نەکرێ، کابرایەکمان لێ قیت نەبتەوە لە مزگەفتەکی بلێ: والله کاك فولان وەی گۆ لە مزگەفتێ، ئیدی ئەمن ئەوها دەکەم، ئەوە مەوقیفی دینە، ئەوە ئەوهایە، لە سەر ئەوەی شت بینا نەکرێ، كل ما في الامر، ئەمە عیلاقەی بەینی ذات لەگە رب العالمین تەبین دەکەین لە بۆ موقابل.